بسم الله الرحمن الرحيم


# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە / وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە(٢٤) ساڵی دووەم ٢٠٠١/١٢/١٣ ز (٢١)ی سەرماوەز ٢٧٠١ کوردی (٢٨)ی رەمەزان ١٤٢٢ی


## لەم ژمارەیەدا :


● یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٠١ ل١
یاسای یەکێتی جوتیارانی هەرێمی کوردستانی عێراق

● یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠١ ل١١
یاسای پووچەڵکردنەوەی کۆمەڵە هەرەوەزییەکانی جوتیاران

● بڕیاری ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠١ ل١٢
خەملاندنی نرخی خانووبەرەی فرۆشراو لە دەرەوەی
فەرمانگەی خانووبەرەدا

● بڕیاری ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠١ ل١٣
قبوڵ کردنی دەستهەڵگرتنی (٧) ئەندامی پەرلەمان و
پەسندکرنی (٧) ئەندامی تر لە جێگایان

● بەیان ل١٥
پێکهێنانی دادگای بەرایی لە چۆمان و هەریر

● بەیان ل١٥
ناولێنانی شوێنەواری قەلاتی ئاو دەلانی ئۆمەران



ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان

www.mojkurdistan.com



e.mail: waqaea@yahoo.com

ناونیشان: هەولێر باڵەخانەی وەزارەتی داد

بەدالە ( ٢٢٣٠٣٥١ : ٢٢٣٠٣٥٢ : ٢٢٣٠٣٥٣ : ٢٢٢٠٥١٢ )

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لحكومة أقليم كوردستان العراق – تصدرها وزارة العدل

العدد (٢٤) السنة الثانية ٢٠٠١/١٢/١٣م (٢٤) سەرماوەز ٢٧٠١ ك (٢٨) رمضان ١٤٢٢ هـ

## في هذا العدد

• قانون رقم (١٧) لسنة ٢٠٠١ ص١٦
قانون أتحاد فلاحي أقليم كوردستان العراق

• قانون رقم (١٨) لسنة ٢٠٠١ ص٢٥
قانون الغاء الجمعيات الفلاحية التعاونية

• قرار رقم (١٢) لسنة ٢٠٠١ ص٢٦
تقدير قيمة العقار المباع خارج دائرة التسجيل العقاري

• قرار رقم (١٣) لسنة ٢٠٠١ ص٢٧
قبول أستقالة (٧) من أعضاء المجلس الوطني الكوردستاني
وقبول (٧) أعضاء أخرين محلهم

• بيان ص١٥
تشكليل محكمة البداءة في قضاء چومان و ناحية حرير

• بيان ص١٥
تسمية أثار قلعة ئاودەلانی ئۆمەران

ئەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

e.mail: waqaea@yahoo.com

سعر النسخة (٥) دنانير
البدالة (٢٢٣٠٣٥١ : ٢٢٣٠٣٥٢ : ٢٢٣٠٣٥٣ : ٢٢٢٠٥١٢)

**به ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**به ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان : ١٧**
**رۆژی دەرهێنان : ٢٠٠١/١١/٢٢**

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و ، لەسەر داوای وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری و ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٨)ی رۆژی (٢٠٠١/١١/٢١) یدا ئەنجامی داوەو ، بە پێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە (٣)ی ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا :

## یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٠١
## یاسای یەکێتی جوتیارانی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم :**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە :

١. هەرێم : هەرێمی کوردستانی عێراق .
٢. یەکێتی : یەکێتی جوتیارانی کوردستانی عێراق .
٣. سەرۆك : سەرۆکی یەکێتی جوتیارانی کوردستانی عێراق .
٤. نووسینگە (مکتب) : مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتی جوتیارانی کوردستانی عێراق .
٥. وەزیر : وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری .

## بەشی یەکەم
## ١ــ دامەزراندن

**ماددەی دووەم :**

یەکێتی جوتیارانی کوردستان کە رێکخراوێکی پیشەیی و دیموکراتییە لە هەرێمدا دادەمەزرێ . ئەم یەکێتییە شەخسیەتی مەعنەویی خۆی هەیەو داکۆکی لە جوتیارانی کوردستان دەکات ، بارەگاکەشی لە هەولێری پایتەختی هەرێم دەبێت و دەشتوانێ لق لە پارێزگاکانی هەرێمدا بکاتەوەو لیژنەگەلیش لە مەرکەزی قەزاو ناحیەو گوندەکانی هەرێمدا پێك بهێنێ .

**ماددەی سێیەم :**

یەکێتی بە جۆرێ دادەمەزرێ کە ژمارەیەك جوتیار لە (١٥) کەس کەمتر نەبن داواکارییەك پێشکەش بە لایەنی پێوەندار بکەن . ئەوانە لە جیاتی دەستەی ئامادەکار ئیش و کاری یەکێتییەکە بەڕێوەدەبەن تا هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێ .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

## ٢ــ ئامـانجـەكـانى يـەكێـتـى

**ماددەی چـوارەم :**

يەكێتی بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجانە تێدەكۆشێ :

١. بـۆ ریـشاژۆكردنی فیدرالییـەت تێدەكۆشـێ و پاڵپـشتی لـە ئـەزموونی دیموكراسـی و دەزگاكانی دەكات لە كوردستانی عێراقدا .

٢. جەماوەری جوتیاران لە هەرێمدا رێك دەخاو ریزەكانیان یەك دەخاو بـارودۆخی ژیـن و ژیاریيـان چـاكتر دەكـاو سـەویەی رۆشـنبیری و كۆمەلآیـەتی و تەندروسـتییان بـالآتر دەكاو لە پێوەندیی كۆمەلآیەتی و پیـشەیی نێوانیانـدا گیـانی هاوكۆمـەكی و برایـەتی و دیموكراتی فراژوو دەكاو لە چارەسەركردنی كێشەكاندا توندڕۆیی دەبیزێ و نایهێڵێ .

٣. دنـە دەدات جوتیـارە ئـاوارەو ڕاگوێزراوەكـان بگەڕێنرێنــەوە دێهـات و گونـدەكانی خۆیان و ئەو كێشەو پێ لێ درێژكردنانەش كە بە هۆی كۆچكردنی نـاوخۆو لـە ئـەنجامی بارودۆخی لاوەكیدا روویان داو دوچاری هەرێم بوو بوون چارەسەریان بكات .

٤. رۆڵەكانی جوتیاران هان دەدات بچنە قوتابخانەو پەیمانگەو كۆلیجە پیـشەییەكانەوە بۆ ئەوەی لە ناوچەكانی خۆیاندا سوودیان لێ وەربگیردرێت .

٥. جوتیاران رێنمایی دەكات كە بە شێوەیەكی رێك و پێكی ئەوتۆ سوود لە سامانی ئاو وەربگرن كە لە گەڵ باری ئابووریی هەرێمدا بلوێ .

٦. جوتیـاران بـە ئـاوزەدێنێ (توعیـە) و دنـەیان دەدا جەنگـەڵ و لـە وەرگـای خۆڕسـك بپارێزن بەرەو چـاكتری ببـەن تـا رووەكـی رووپۆشـی خـاكی كوردسـتان زامـن ببێـو ، راوكردنیش بە جۆرێ پێك بخەن كە پەلەوەرو گیانلەبەرانی دەگمەن پارێزراوبن .

٧. بـۆ نەهێـشتنی نەخوێنـدەواری تـێ دەكۆشـێ و بـۆ ئـەو ئامانجـەش لـە گـەڵ لایەنـە پێوەندیدارەكاندا بە شێوەیەكی كاریگەر هاوبەشی دەكات .

٨. جوتیاران دنە دەدات كە كاریگەی بچووك دابمەزرێنن تا ئەو بەرووبوومەی لە فرۆشـتن زیادەیەو ماوەتـەوە سـەنعەتكاریی بكـەن ، هـەروەها دنـەی دامەزرانـدنی پیـشەسازیی خۆراكیش دەدات .

٩. جوتیاران دنە دەدات و حاڵیان دەكات كە زیـادكردنی رادەی رەنێوهـاتی مـەزراكان زەرورەو ، پێویستیشە رادەی رەنێوهاتی (الأنتاجیة) یەكەی كشتوكاڵی زیـاتر بكـرێ بۆ ئەوەی بگاتە پلەی مامناوەند ( المعدل )ی جیهانی .

١٠. جوتیاران و كەرتی تایبەت ( القطاع الخاص ) دنـە دەدات كـە شـیركەتی تایبـەت بـۆ رەنێوهـانین ( انتــاج )ی تـۆوی چـاككراو و مـسۆگەر كردنـی كۆگـای سـاردكراو كـە بەروبوومی كشتوكاڵی تێدا بپارێزرێ ، دابمەزرێنن .

١١. جوتیـاران دنـە دەدات كـە كـشتوكاڵی شووشـە بەنـد رەنێـوبهێنن و لـە بەراوەكانـدا دێبەبەرو بێستان زۆرتر بكەن و ، لە دێمەكارەكانیشدا هەر جێگایەك لە باربێ بـۆ رەزی مێو دارمێوی لێ بنێژن .

ئــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كــــوردستان
www.mojkurdistan.com

١٢. جوتیاران دنه دەدات كە مەكینە سازیی نویّ لە كشتوكاڵدا بهێننە مەیدانی كارو ، لە هەردوو بەشی رووەكی و ئاژەڵداریدا رێگاو شێوازی بەهرەمەندی و بەرەو چاكتربردن بخەنەكار .
١٣. لە گەڵ لایەنە پێوەندیدارەكاندا بە هاودەنگی كۆشش دەكات بۆ فەراهەمكردنی رێگاو شێوازی ئەوتۆ كە بە بازاڕگەیاندن و فرۆشتنی داهاتی جوتیاران مسۆگەر بكات .
١٤. شتێكی پێویستیشە كە بە هاوكاری و هاودەنگی لە گەڵ لایەنە پێوەندیدارەكاندا پێكەوە كێڵگەكانی كشتوكاڵ و لەوەڕگا خۆرسكەكان لەمین پاك بكاتەوە .
١٥. بۆ فەراهەمكردنی شێواز و ئامرازی نوێی لەناو بردنی دەردو بەڵای كشتوكاڵی لە هەردوو بواری رووەكی و ئاژەڵیدا كۆشش دەكات .
١٦. لە گەڵ لایەنە حكومییەكاندا هەوڵ دەدات كە ئەو لیژنانەی لە كاتی زەرووداسازدەدرێن و یەكسەر پەیوەندیی بە بەرژەوەندی جوتیارانەوە هەیە ، نوێنەری یەكێتی جوتیارانیشی تێدابن .

## بەشی دووەم
## ١ـ شەرتووشرووتی ئەندامێتی

**ماددەی پێنجەم :**

شەرتوشرووتی ئەندامێتی ئەمانەن :

١. جوتیار دەبێ هاووڵاتیی هەرێم بێت و لە هەرێم دانیشتبێ .
٢. نابێ بە جینایەتێكی غەیرە سیاسی یان بە جونحەیەكی ئابڕووبەر حوكم درابێ .
٣. پێویستە پیشە سەركییەكەی كشتوكاڵ بێت بە هەردوو كەرتی رووەكی و ئاژاڵدارییەوە كە ئەم جوتیارانە دەگرێتەوە :
   أ. ئەوانەی كە زەوی وزاری چاككردنی كشتوكاڵیان پێ دراوە.
   ب. كرێگرتەكان (ئەوانەن زەوی وزاریان بەكرێ پێدراوە) هەروەها ئەو جوتیارانەشن كە بە پێی رێ و رەسمی عیلاقاتی كشتوكاڵی كار دەكەن .
   ج. جوتیار و كرێكاری كشتوكاڵی لە چوارچێوەی ئیش و كاری یەكێتییەكەدا.
   د. ئەو زوڕاعانەی كە خۆیان كردووەو ئیلتیزامیان بە هیچ پیشەیەكی دیكەوە نییەوە.
   هـ. خاوەن ئەو موڵكە تایبەتانەی كە سنووری موڵكەكانیان لە سنووری ئەو دابەشكردنەی بە پێی یاساكانی چاككردنی كشتوكاڵ دابەش كراوە زیاتر نەبێ.
٤. نابێ تەمەنی لە (١٦) ساڵ كەمتر بێت.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## ٢ــ ئينتيمــا

**ماددەی شەشــەم :**

١. ئینتمـای یـەکێتی بـەوە دەبـێ کـە داوایـەکی نووسـراو بـە بەڵگەنامـەی پێویـستەوە پێشکەش بکرێت بە لقەکانی یەکێتی یان بە لیژنەیەك لە لیژنەکانی .

٢. داواکان دەدرێن بە لیژنەکانی گوندو ناحیـەکان ، ئـەوانیش هەواڵـەی لیژنـەی قـەزای دەکەن . دەشبێ لە ماوەی (١٥) رۆژدا (کە لە رۆژی تۆمارکردنی داواکەوە دەسـت پـێ دەکـا) سـەیر بکرێـو ببڕدرێتـەوە ، ئەگـەر هـات و ئـەو ماوەیـە تێپـەڕی و داواکـە نەبڕدرابووەوە ئەوە لەو بارەدا بە قبوڵکراو لە قەڵەم دەدرێ.

٣. لیژنەی قەزاو لیژنە باڵاترەکان مافی ئەوەیان هەیە بە بڕیارێکی هۆدار داواکـە بدەنـە دواوە و خاوەنی داواکەش بـۆی هەیـە لـە مـاوەی (٣٠) رۆژدا (کـە لـە رۆژی تـەبلیغـەوە دەست پـێ دەکـا) لـە دادگـای تـەمییز تانـە لـە بڕیارەکـە بـدات ، ئیـدی بڕیـار بڕیـاری دادگاکەیەو دەبڕدرێتەوە .

٤. رەسمی ئینتیمای ئەندام (٢٥) دینارە .

٥. ئابوونەی بەشداربوونی ساڵانە (٢٠) دینارە بە مەرجێ هەموو سـاڵێ بـەر لـە کۆتـایی مانگی شوبات بدرێ بە یەکێتییەکە . ئەگەر ئەندامێ لە کات و ساتی خۆیدا ئابوونەکەی نەداو دواکەوت ئەوە لەو بارەدا غەرامـەی (٥٠٪)ی ئابوونـەی بەشـداربوونی سـاڵانەکەی لەسەر زیـاد دەکـرێ ، خـۆ ئەگـەر هـات و دواکـەوت و سـێ سـاڵی بانـەوبان یـەك بـەبێ مەعزەرەتێکی بەجێ نەیدا ، ئەوە لەو بارەدا سیفەتی ئەندامێتی نامێنێ.

## بەشــی ســێیــەم
## پێـکـهـێـنــــان

**ماددەی حــەوتــەم :**

یەکێتی جوتیاران لەمانە پێك دێت :

١. لیژنەگەلی گوندەکان .
٢. لیژنەگەلی ناحیەکان .
٣. لیژنەگەلی قەزاکان .
٤. لقەکانی یەکێتی لە پارێزگاکان .
٥. لیژنەی زەپتی .
٦. مەکتەبی تەنفیزی .
٧. کۆنگـرە .

**ماددەی هەشــتــەم :**

ئـەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـوردستان www.mojkurdistan.com

لیژنەی گونـد : لە سێ ئەندام و ئەندامێکی یەدەگ پێك دێت کە لە لایەن ئەندامانی یەکێتی سنووری گوندەکەوە هەر سێ ساڵ جارێك هەڵدەبژێردرێن بە مەرجێ ژمـارەی ئەنـدامان لـە

سنووری گوندەكـەدا لـە (٣٠) جوتيـار كـەمتر نـەبن . جـا ئەگـەر هـات و ئـەو ژمارەيـە لـەو گوندەدا دەست نەوكەت ئەوە لەو بـارەدا جوتيـارانی دوو گونـد يـان زيـاتر دەبـن بەيـەك و (٣٠) كەسەكە تـەواو دەبێ و يەك ليژنە هەڵدەبژێرێن .

**ماددەی نۆيـــەم :**

ليژنـەی ناحيـە : لـە سـێ ئەنـدام و ئەنـدامێكی يـەدەگ پێـك دێـت و لـە لايـەن سـەرۆكانی ليژنەگــەلی گوندەكانــەوە هــەر ســێ ســاڵ جارێــك هەڵدەبــژێردرێن و ليژنەكــەش لــەناو ئەندامەكانی خۆيدا سەرۆكێك بۆ خۆيان هەڵدەبژێرن .

**ماددەی دەيـــەم :**

ليژنـەی قـەزا : لـە سـێ ئەنـدام و دوو ئەنـدامی يـەدەگ پـێگ دێـت و ، لەلايـەن ليژنەگـەلی ناحيەكانەوە هەر سـێ سـاڵ جارێك هەڵدەژێردرێن ئـەمانيش لـەناو خۆيانـدا ئەنـدامێك بـۆ سەرۆكی ليژنەكەيان هەڵدەبژێرن .

**ماددەی يـازدە :**

ئەرك و دەسەلأتی ليژنەگەلی (گوند و ناحيەو قەزا) :

١. بەكارخستنی بڕيار و راسپاردەی ليژنەگەلی لەخۆيان بەرزتر .
٢. بەهاودەنگیو پێكهاتن لەگەڵ دايەرەو دام و دەزگای رەسميدا كێشەو گرێو گـۆڵی جوتياران چارەسەر دەكات .
٣. پێـشنيازی تايبـەت بـە بـەرەو باشـتر بردنـی ناوچـەكانی خۆيـان هەواڵـەی لايەنـە پێوەنديدارەكانی حكومەت دەكات.
٤. هـەر ليژنـەو لـە ناوچـەكەی خۆيـدا نامـەو نووسـراو ئاراسـتەی رێكخـراو و دەزگـا رەسمييەكان دەكات .

**ماددەی دوازدە :**

دەستەی لق لە پارێزگادا لە پێنج ئەندام و دوو ئەندامی يەدەگ پێك دێت و هـەر سـێ سـاڵ جارێك لە لايەن ليژنەگـەلی قـەزاكان و سـەرۆكانی ليژنەگـەلی ناحيەكانـەوە هەڵدەبـژێردرێ ، ئيدی دەستەی لق لەناو ئەندامەكانی خۆيدا سەرۆك و جێگـری سـەرۆك و لێپـسراوی دارايـی بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ .

**ماددەی سـيازدە :**

دەسەلأتەكانی دەستەی لق :

١. بەكارخستنی بڕيارو راسپاردەكانی كۆنگرەو مەكتەبی تەنفيزی .
٢. دامەزراندنی كارمەندان بۆ ئيش و كاری لق .
٣. ناونيشانكردنی ئەوانەی كە لە سنووری پارێزگەكەدا نوێنەرايەتی يەكێتی دەكەن لـە ليژنە رەسمييەكاندا .
٤. پێشكەشكردنی پێشنيازو راسپاردەی تايبەتی كاروباری لق بۆ مەكتەبی تەنفيزی تـا ئيقراريان بكات .

ئـــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــوردستـان
www.mojkurdistan.com

٥. خەرج کردنی پارەی پێویست بۆ ئیش و کاری لق لە چوارچێوەی بوجەی دارایی خۆیدا .
٦. پیادەکردنی ئەو دەسەلاَتانەی کە مەکتەبی تەنفیزی پێیداوە ، هەروەها ڕێکخستنی ناسنامەی ئەندامەکانی بە پێی ڕێنمایی مەکتەبی تەنفیزی .

**ماددەی چــواردە :**

ئەگر سەرشانی لیژنەی زەپتییە ئەوەیە سەیری ئەو سکالاّو شکاتانەی بکات کە لە مەکتەبی تەنفیزییەوە بۆی هەواڵە دەکرێ ، هەروەها ئەو سەرپێچییانەش کە دەقەکانیان لەم یاسایەدا هاتووە . ئەم لیژنەیە لە سێ ئەندام و ئەندامێکی یەدەگ پێك دێت ، مەکتەبی تەنفیزی دایاندەمەزرێنێ بە مەرجێ لە کەمی بڕوانامەی ئامادەییان هەبێ و پێوەندیی بە سامانی رووەکی یان ئاژەڵدارییەوە هەبێ . ئەم لیژنەیە لە نێوان ئەندامەکانیدا سەرۆکێ بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ .

**ماددەی پـازدە :**

**زەپـت کردن :**

١. یەکێتی جوتیاران بۆی هەیە هەر ئەندامێکی خۆی ، کە حاڵەتی لەم حاڵەتانەی خوارەوەی لەسەر ساغ بووەوە لە ئەندامێتیی بخات .
أ. ئەگەر جینایەتێ یان جونحەیەکی ئابڕووبەر بکات .
ب. ئەگەر ئەهلییەتی لەدەست بدات .
ج. ئەگەر لەو ئەرکانە لابدات کە پێڕۆی ناوخۆی یەکێتی گشتی جوتیاران سەپاندوویەتی ، سەرەڕای ئەوەش کە بە نووسراو ئاگادار کرابێتەوە کە ئەرکی سەرشانی چییەو دەبێ بیکات .
د. ئەگەر شەرتێ لە شەرتوشروتی ئەندامێتی لە دەست بدات .
٢. یاسای زەپتیی فرمانبەرانی دەوڵەت بەسەر ئەو فرمانبەرانەدا کە لە یەکێتییەکەدا کاردەکەن دەخرێتەکار.

**ماددەی شـازدە :**

**مەکتەبی تەنفیزی لە مانە پێك دێت :**

١. سەرۆك : مەرجی ئەوەیە خوێندنەوەو نووسین بە باشی بزانێ و تەمەنیشی لە (٣٠) سی ساڵ کەمتر نەبێ .
٢. شەش ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ بە مەرجێ خوێندنەوەو نوسین باش بزانن و لە بواری کشتوکاڵ و پیشەی جوتیاریدا ئەزموون و شارەزاییان هەبێ و تەمەنیان لە (٢٥) بیست و پێنج ساڵ کەمتر نەبێ .

**ماددەی حەڤـدە :**

١. مەکتەبی تەنفیزی لە نێوان ئەندامەکانی خۆیدا جێگرێ بۆ سەرۆك و سکرتێریك و لێپرسراوێکی دارایی بە دەنگدانی نهێنی هەڵدەبژێرێ .

ئــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــوردستان
www.mojkurdistan.com

٢. مەكتـەبى تـەنفيزى هـەر مانگـە و جارێك كۆبوونـەوەى ئاسـايى خـۆى سـازدەدات و بۆيـشى هەيـە لەسـەر داواى سـەرۆكەكەى يـان لەسـەر داواى سـێيەكى ئەندامـەكانى كۆبوونەوەى نائاسايى ساز بدات .

**ماددەى هـەژدە :**

١. لـە كۆبوونـەوەكانى مەكتـەبى تەنفيزيـدا ( نيـصاب ) بـە ئامـادەبوونى زۆرينـەى ئەندامـەكانى دێتـەجێ و بڕيارەكانيـشى بـە زۆرينـەى دەنگـى ئامادەبووان دەردەچـێ . ئەگەر دەنگەكانيش هاوتابوون ، ئەوە لەو بارەدا دەنگى سەرۆك و بۆ كام لايـان بێـت ، هى ئەوە .

٢. ئەگەر بەهەر هۆيەك دەبـێ ، ببـێ ، جێگـاى سـەرۆك چـۆڵ بـوو ، ئـەوە لـەو بـارەدا جێگرەكەى جێگاى دەگرێتەوە ، جا ئەگەر جێگاى جێگرەكەشى چۆڵ بوو ، ئـەوە لـەو بارەدا سكرتێر جێگاى دەگرێتەوە .

٣. ئەگەر ، بە جارێ ، جێگاى سەرۆك و جێگرەكەى و سكرتێريش چـۆڵ بـوون ، ئـەوە لە و بـارەدا يـەكێ لـە ئەندامـە ئەسڵييەكانى مەكتـەبى تـەنفيزى بـە دەنگدانى نهێنـى جێگاى دەگرێتەوە .

٤. ئەگەر جێگاى زۆرينەى ئەندامانى مەكتەبى تـەنفيزى چـۆڵ بـوو ، ئـەوە لـەو بـارەدا مەكتەبى تەنفيزى دەبێ لە مـاوەى دوو مانگدا هـەوڵ بـدات كۆنگرەيـەك ببەسـتێ يـان زۆرينەى ئەندامانى كۆنگرەى پێشتر بۆ كۆبوونەوەيەك بانگهێشت بكـات بـۆ ئـەوەى بـە پێى ڕێساى ئەو دەقانەى لەم ياسـايەدا هـاتووە كەسـانێ هەڵبـژێرن جێگـاى ئـەوان بـۆ باقيمەنى ماوەكە پڕبكەنەوە بە مەرجێ باقيمەنى ماوەكە (٦) مانگ كەمتر نەبێ .

**ماددەى نـۆزدە :**

ئەگەر ئەندامى مەكتەبى تەنفيزى لە ماوەى ساڵێكدا لە (٣) كۆبوونەوەى دوا بە دواى يەكدا يان لە پێنج كۆبوونەوەى جيا جيادا بە بێ مەعزەرەتێكى بە جێ ئامـادە نـەبێ ، ئـەوە بـە دەستهەڵگرتوو لە ئيشەكەى دادەنرێ .

**ماددەى بيست :**

مەكتەبى تەنفيزى ئەم ئيش و كارانەى خوارەوە دەكات :

١. بۆ وەديهێنانى ئامانجەكانى يەكێتى كۆشش دەكات .
٢. پێشنيازى تايبەت بە هەمواركردنى ياساى يەكێتى پێشكەش دەكات .
٣. بڕيارەكانى كۆنگرە دەخاتە بەركار .
٤. كارمەندان بۆ كاروبـارى يـەكێتى دادەمـەزرێنێ‌و كرێـو شەرتوشـرووتى تـەريفيعيان ديار دەكات .
٥. نوێنەرانى يەكێتى لە ليژنە ڕەسميەكاندا ناونيشان دەكات .
٦. دەعواو شكات و سكاڵا و هەواڵەى ليژنە تايبەتكارەكان دەكات .

ئـــەرشيفى ڕۆژنامەى وەقايعى كــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٧. لیژنەگەلی لاوەکی پێك دەهێنێ و ڕێنمایی بۆ وەدیهانینی ئامانجەکانی یەکێتی دەردەکات .
٨. سەیری دەست لەکار هەڵگرتنی سەرۆك یان جێگرەکەی یان هەر ئەندامێکی مەکتەبی تەنفیزی یان لیژنەکان دەکات .
٩. بوجەی دارایی تەسدیق دەکاو ژمێریارێکی یاسایی بۆ تەدقیقکردنی حساباتی کۆتایی دادەمەزرێنێ .
١٠. خولەکانی هەڵبژاردن ڕێك دەخاو بە پێی دەقەکانی ئەم یاسایەش سەرپەرشتی هەڵبژاردن دەکات .
١١. بە موڵك کردنی عیقار و دارایی و قبوڵکردنی پیتاك و بەخششو و شەرتوشرووتی قەرزکردن و بەقەرزدانی دارایی ئیقرار دەکا ، لە چوارچێوەی بەرژەوەندو ئامانجەکانی یەکێتییەکەدا .
١٢. بە پێی یاسای کۆمەڵەکان یانە دادەمەزرێنێ و بەڕێوەیان دەبات .
١٣. سەیری داواکارییەکانی ئینتمای یەکێتی دەکات ، ئەوانەی مەرکەزی قەزاکان .
١٤. هەندێ لە دەسەڵاتەکانی خۆی بە سەرۆکی یەکێتی یان بە سەرۆکانی لقەکان دەدات.
١٥. پێڕۆی ناوخۆی یەکێتییەکە و پێشنیازیش بۆ هەموارکردنی ئامادە دەکاو دەیانخاتە پێش چاو کۆنگرە بۆ ئیقرارکردنی .

**ماددەی بیست و یەك :**

١. کۆنگرە بالاترین دەسەڵاتە لە یەکێتیی جوتیاراندا و لە (سەرۆك و ئەندامانی ئەسڵی و یەدەگی مەکتەبی تەنفیزی و ئەندامە هەڵبژێردراوەکانی دەستەکانی لقی پارێزگاکانی و لیژنەگەلی هەڵبژێردراوی قەزاو ناحیەکان) پێك دێت بۆ سازدانی کۆنگرە.
٢. کۆنگرە سێ ساڵ جارێك بە بڕیاری مەکتەبی تەنفیزی و بانگهێشتنێ کە سەرۆك دەری دێنێ ساز دەدرێت و (نیصاب) یش بە ئامادەبوونی دوو سێیەکی ئەندامانی کۆنگرە دێتەجێ .
٣. ئەگەر لە حاڵەتێکدا (نیصاب) نەهاتەجێ ، ئەوە لەو بارەدا ، دوای (١٥) ڕۆژ لە کۆبوونەوەی یەکەم هەڵبژاردن لە هەمان جێگەو هەمان کاتدا ئەنجام دەدرێ و لەم بارەدا (نیصاب) بە ئامادەبوونی سێیەکی ئەندامان دێتەجێ ، دەنا ئەگەر نەهاتەجێ ئەوا مەکتەبی تەنفیزی بۆ خولێکی دیکەش بەردەوام دەبێت .

**ماددەی بیست و دوو :**

کۆنگرە بە ئاسایی سازدەدرێ بۆ وەدیهانینی ئەم ئامانجانە :

١. هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی .
٢. گفتوگۆکردن لەسەر پلانی یەکێتیو ئیقرارکردنیو تەسدیق کردنی ڕاپۆرتی دارایی .

ئــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائیعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٣. سـەيركردن و ئيقراركردنـی ئـەو پێـشنيارانەی کـە لـە بـارەی هـەمواركردنی ياسـای يەكێتی و پێڕۆی ناوخۆيەوە خراونەتەڕوو .
٤. كۆنگرە مافی ئەوەی هەيە پێشنيارای هەمواركردنی خستەی رەسمە بڕياردراوەكـان پێشكەش بكات .

**ماددەی بيسـت و سـێ :**

دەشێ لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا كۆنگرەيەكی لاوەكی (استثنائي) ببەسترێ .
١. بە بڕيارێكی هۆدار لە لايەن زۆرينەی ئەندامانی مەكتەبی تەنفيزييەوە .
٢. بە داواكارييەكی نووسراوی هۆدار كە لە لايەن دوو سـێيەكی ئەنـدامانی كـۆنگرەوە ، ئاراستەی مەكتەبی تەنفيزی بكرێت . پێويستە لەم بارەدا مەكتەبی تەنفيزی لە مـاوەی (١٥) رۆژدا ((كە لە رۆژی پێـشكەشكردنی داواكـەوە دەست پێـدەكا)) بانگهێـشت بـۆ سازدانی كۆنگرە كە دەربكات .
٣. بڕيارەكانی كۆنگرە بە زۆرينەی دەنگ دەدرێن .

**ماددەی بيسـت و چـوار :**

سەرۆك ئەم دەسەلآتانەی هەيە :
١. سەرۆكايەتیكردنی كۆبوونەوەكانی مەكتەبی تەنفيزی .
٢. نوێنەرايەتی يەكێتی جوتياران دەكا لەبەردەم دەزگای دادگایو ئيـداری و دايـەرەو دەستەی رەسمیو نيمچە رەسمييەكاندا و ، تەسديقی موعامەلـەو بەڵگەنامەگـەلی سـەر بە يەكێتی دەكاو بۆيشی هەيـە هەنـدێ لـە دەسـەلآتەكانی خـۆی بـە هـەر ئەنـدامێ لـە ئەندامانی مەكتەبی تەنفيزی بسپێرێ .
٣. بـە هاوبەشـی لـە گـەڵ ليپرسـراوی دارايیـو سـەرۆكی لقـەكانی پارێزگاكـان بوجـەو حساياتی كۆتايی ئامادە دەكات.

## بەشـی چــوارەم
## دارايـی يـەكێتـی جــوتـيــاران

**ماددەی بيسـت و پێنــج :**

يەكەم : دارايی يەكێتی لەمانە پێك دێت :
١. رەسمی ئينتماو بەشداربوونی ساڵانە .
٢. دەسنگەو بەخششی لايەنە رەسمیو نيمچە رەسميەكان كـە پێـشكەشی دەكـەن بـە يەكێتی .
٣. ئـەو پيتـاك و باربۆيـەی كـە ئەنـدامانی يـەكێتیو كەسـانی ديكـە دەيـدەنێ دوای موافەقەت كردنی ئسوڵيی لايەنە پێوەنديدارەكان .
٤. قازانجی پرۆژەگەلێ كە يەكێتی بنيادیان دەنێ .
٥. قازانجی چاپەمەنیی يەكێتی .

ئــــەرشيفی رۆژنامەی وەقائيعی كــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٦. رەسمی تەئییدی کەفالەتی دارایی بۆ ئەندامان لە موعامەلەی کەفالەت و گرێبەستی نێوان ئەندامەکاندا ، وەك لایەنێك ، رەسمەکەش بە رێژەی (١٪) ی ئەو پارەیە وەردەگرێ کە لە گرێبەست یان لە کەفالەتەکەدا ئیقرارکراوە .

دووەم : پێویستە لەسەر یەکێتی سجلی دارایی رابگرێ وەك ئەوانەی لە یاسای بەرکاری کۆمەڵەکاندا هاتووە .

**ماددەی بیست و شەش :**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی بیست و حەوت :**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار .

**ماددەی بیست و هەشت :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەرکار.

**د. رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**هۆکارە زەروورەکان**

لە بەر ئەوەی کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵکارە ، کە زەوی و زارێکی بەرفراوانی بە پیت و بەرەکەتی هەیە و زۆربەی خەڵکەکەی بە شێوەیەکی سەرەکی بە پیشەی کشتوکاڵییەوە خەریکەو ، سەرکردایەتی سیاسی و ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمیش گرنگییان بە چینی جوتیاران داوە کە جوتیاران رۆڵی سەرەکی و پڕبایەخیان لە خەباتی گەلەکەماندا گێڕاوە بۆ ئەوەی ئاواتە ڕەواکانی نیشتمانیی و نەتەوەیی دەستگیر بکەن بە تایبەتیش لە سەردەمی شۆڕشی مەزنی رزگاریخوازانەی ئەیلولدا ، هەروەها لە پێناوی وەدیهێنانی رشتەیەکی یاسایی بۆ رێکخراوێك ئامانج و ئاواتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی جەماوەری جوتیارانی کوردستان بێنێتەدی و رێگای زامنکردنی ئاواتی ڕەوایان مسۆگەر بکات ، لەبەر ئەوانە هەمووی ئەم یاسایە تەشریع کرا .

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان : ١٨**
**رۆژی دەرهێنان : ٢٠٠١/١١/٣٠**

پشت بە حوكمەكانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی (١٩٩٢)و ، لەسەر داوای وەزیری كشتوكاڵ و ئاودێری و ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران و ئەو یاساكارییەش كە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٢١)ی رۆژی (٢٠٠١/١١/٢٩)یدا ئەنجامی داوەو ، بە پێی ئەو دەسەڵاتەش كە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە ، بڕیاری دەرهێنای ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا :

**یاسای ژمارە ( ١٨ )ی ساڵی ٢٠٠١**
**یاسای پووچەڵكردنەوەی كۆمەڵە هەرەوەزییەكانی جوتیاران**

ماددەی یەكەم :
یاسای ژمارە (٤٣)ی ساڵی (١٩٧٧)ی كۆمەڵە هەرەوەزییەكان ، لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا لەكار دەخرێ.

ماددەی دووەم :
كۆمەڵە هەروەزییەكانی جوتیاران لە هەرێمی كوردستاندا پووچەڵ دەكرێنەوەو ، هەموو موڵك و ماڵی دەستهەڵگرو دەستهەڵنەگر (گواستەنی و ناگواستەنی) یشیان دەبن بە موڵك و ماڵی وەزارەتی كشتوكاڵ و ئاودێری هەرێمی كوردستانی عێراق و بە ناوی ئەو وەزارەتەوە تۆمار دەكرێن.

ماددەی سێیەم :
هەر دەقێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەركار.

ماددەی چوارەم :
پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوكمەكانی ئەم یاسایە بخەنە بەركار.

ماددەی پێنجەم :
ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّوكردنەوەی لە (وەقایعی كوردستان)دا دەخرێتە بەركار.

**د. رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**
**ژمارەی بــڕیــــار : ١٢**
**ڕۆژی دەرهێنان : ٢٠٠١/١١/١٨**

**" بڕیـــــار "**

پشت بە حوكمەكانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢و لەسەر داوای وەزیری دادو ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران ، ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٠٠١/١١/١٨ یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دەرهێنا: —

یەكەم : هەر عیقارێ لە دەعواكانی ملّكداركردندا كە دەقەكانیان لە بڕیاری ژمارە (١١٩٨)ی هەمواركراوی ساڵی (١٩٧٧)دا هاتووە ، لە دەرەوەی دایەرەی تەسجیلی عیقاریدا فرۆشرابێ یان لە ڕێگای تەنفیزەوە فرۆشرابێ ، نرخی چەسپاوی ناو بەڵێننامەی فرۆشتنەكەی بە هەند وەرناگیرێو دەخرێتە پشتگوێو ، لە ڕێگای شارەزایانەوە دەخەملێنرێو لەسەر بنیچەی ئەم خەملاندنە ڕەسم و باجی لێ دەسێنرێت.

دووەم : پێوەندیدارەكانیش بۆیان هەیە لە ماوەی پازدە ڕۆژدا - كە لە ڕۆژی خەملاندنەكەوە دەست پێ دەكات - لە بەردەمی دادگای تێهەڵچوونەوە (محكمة الأستئناف)دا بە سیفەتی تەمییزی تانە لە بڕیاری خەملاندنەكە بدەن و ، بڕیاری دادگاش ، چی بێ ، هەر ئەوەیەو بنبڕە.

سێیەم : پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوكمەكانی ئەم بڕیارە بخەنە بەركار.

چوارەم : هەر دەقێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم بڕیارە بێت ناخرێتە بەركار.

پێنجەم : ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی لە (وەقایعی كوردستان)دا دەخرێتە بەركار.

**د. ڕۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆكی ئەنجـومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بــڕیـــار : ١٣**
**ڕۆژی دەرهێنان : ٢٠٠١/١٢/٥**

## " بڕیـــار "

پشت بە حوکمەکانی ماددەی (٢/٤٣/)و (٤٤) لـە یاسـای ژمـارە (١)ی هـەموارکراوی سـاڵی ١٩٩٢ و ماددەی (١٢)و (٣٥) لە پێڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (١)ی هـەموارکراوی سـاڵی ١٩٩٢ی ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتانی عێـراق و ، لەسـەر نووسـراوی ژمـارە (١٠٦٦)ی ڕۆژی ٢٠٠١/١١/٢١ ی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردسـتان کـە خـۆی خـاوەنی لیـستی (زەرد)ی هەڵبژادنە ، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمـارە (٢٣)ی ڕۆ ژی ٢٠٠١/١٢/٥یـدا ، ئەم بڕیارەی خوارەوەیدا :

یەکەم :

أ. دەستهەڵگرتنی (أکـرم عـزت نجیـب) لە ئەندامێتی ئەنجومەن قبوڵ کرا.

ب. پاڵێوراوی لیستی هەڵبژاردن (فاچل ڕۆوف) بە ئەنـدام لـە ئەنجومەنـدا قبـوڵ کـرا و جێگای ئەندامی دەستەڵگرتووی سەرەوە دەگرێتەوە .

دووەم :

أ. دەستهەڵگرتنی (نهاد نورالدین) لە ئەندامێتی ئەنجومەن قبوڵ کرا.

ب. پاڵێوراوی لیستی هەڵبژاردن (حمه علی توفیق میرزا فتاح) بە ئەندام لە ئەنجومەندا قبوڵ کرا و جێگای ئەندامی دەستهەڵگرتووی سەرەوە دەگرێتەوە.

سێیەم :

أ. دەستهەڵگرتنی (ملا گلحە سعید) لە ئەندامێتی ئەنجومەن قبوڵ کرا.

ب. پاڵێوراوی لیستی هەڵبژاردن (انور شوکر محمد) بە ئەندام لە ئەنجومەندا قبـوڵ کـرا و جێگای ئەندامی دەستهەڵگرتووی سەرەوە دەگرێتەوە .

چوارەم :

أ. دەستهەڵگرتووی (رقیب حسین ملا) لە ئەندامێتی ئەنجومەن قبوڵ کرا.

ب. پاڵێوراوی لیستی هەڵبژاردن (نادر محمد قادر) بە ئەندام لە ئەنجومەندا قبوڵ کرا و جێگای ئەندامی دەستهەڵگرتووی سەرەوە دەگرێتەوە .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

پێنجەم :

أ. دەسهەڵگرتووی (مامند محمدامين بابكر) لە ئەندامێتی ئەنجومەن قبوڵ كرا.

ب. پاڵێوراوی ليستی هەڵبژاردن (حليمە حسين محمد بارزانی) بە ئەندام لە ئەنجومەندا قبوڵ كرا و جێگای ئەندامی دەستهەڵگرتووی سەرەوە دەگرێتەوە .

شەشەم :

أ. دەسهەڵگرتووی (حسين علی كمال) لە ئەندامێتی ئەنجومەن قبوڵ كرا.

ب. پاڵێوراوی ليستی هەڵبژاردن (نيا ز جميل ميران) بە ئەندام لە ئەنجومەندا قبوڵ كرا و جێگای ئەندامی دەستهەڵگرتووی سەرەوە دەگرێتەوە .

حەوتەم :

أ. دەسهەڵگرتووی (سليم حاجی ملو) لە ئەندامێتی ئەنجومەن قبوڵ كرا.

ب. پاڵێوراوی ليستی هەڵبژاردن (مامند عباس مامند اغا) بە ئەندام لە ئەنجومەندا قبوڵ كرا و جێگای ئەندامی دەستهەڵگرتووی سەرەوە دەگرێتەوە .

هەشتەم :

لەبەر ئەوەی ئەو پاڵێوراوانەی ليستی هەڵبژاردنە كە ناوەكانيان ، لە زنجيرەی (يەكەم ــ حەوتەم)ی سەرەوەدا هاتووە ، لە رۆژی ٢٠٠١/١٢/٥دا سوێندی ياساييان خواردووە ، ئەوا ، لە هەمان رۆژەوە ئەندامێتييان لە ئەنجومەنی نيشتمانيی كوردستانی عێراق خراوەتەكار.

نۆيەم :

پێويستە ، سەرۆكايەتيی ئەنجومەنی نيشتمانيی كوردستانی عێراق حوكمەكانی ئەم بڕيارە بخەنە بەركار.

دەيەم :

ئەم بڕيارە لە رۆژی ئيقراركراوی رێكەوتی (٢٠٠١/١٢/٥) ــەوە دەخرێتە بەركارو لە (وەقايعی كوردستان)دا بڵاودەكرێتەوە .

**د. رۆژ نوری شاوەيس**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نيشتمانيی كوردستانی عێراق**

ئـــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

" بەیـان "

لەبەر پێویستی زۆری ناوچەی سنوری پارێزگای ســۆران بـە راژەی دەسـەڵاتی دادوەری و بۆ بەرژەوەندی گشتی و پشت بەو دەسەڵاتەی مادده (١٨) لە یاسای دەسـەڵاتی دادوەری ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩٢ پێیداوین بریارماندا ئەو دوو دادگایەی خوارەوە پێك بێت :—

١. دادگای بەرایی چۆمــان — لە شارۆچکەی چۆمـان
٢. دادگای بەرایی هەریـر — لە شارۆچکەی هەریـر

**هــادی علــی**
**وەزیـــــری داد**

---

## وەزارەتی ڕۆشنبیری

" بــەیـان "

بە پی ّی ئەو دەسەڵاتەی پێمـان دراوە لـە مـاددەی هەشـتـەم لـە یاسـای شـوێنەوار ژمـارە (٥٩)ی ساڵی ١٩٣٦ی هەموارکراو ، بڕیارمانـدا کە ئەو شوێنەوارەی کە لە خوارەوە دیـاری کراوە بە یەکێك لە شوێنەوارە مێژووییەکان بژمێردرێت.

| نـاوی شوێن | گونـد | ناحیـە | قـــەزا | پارێزگا | مێژووی دۆزینـــەوەی | تێـبـینـی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| قەڵاتی ئاودەڵانی ئۆمەران | وەرتێ | باڵەك | چۆمان | هەولێر | ٢٠٠١/١٠/٢٢ | قەڵاتەکـە لـە بـەرد دروسـت کـراوە روبەرەکەی نزیکەی (٥٠٠) م٢ دەبێت ، ئێستا کەلاوەیە ، ئەم شوێنە لە (دليل المواقع الأثـرية) دیارنەکراوە. |

**محمــود محمــد محمــود**
**وەزیــــــــری رۆشـــنبیری**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**باسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان العراق**
**رقم الأصدار : ١٧**
**تأريخ الأصدار : ٢٠٠١/١١/٢٢**

استناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) و المادة (٥٣) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ، وبناءاً على ما عرضه وزير الزراعة و الري ، ووافق عليه مجلس الوزراء ، وما شرعه المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق بجلسته الأعتيادية المرقمة (١٨) و المنعقدة بتأريخ ٢٠٠١/١١/٢١ وللصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة (٣) من المادة الثانية من القانون رقم (١٠) لسنة ١٩٩٧ قررنا أصدار القانون الأتي:

**قانون رقم ( ١٧ ) لسنة ٢٠٠١**
**قانون أتحاد فلاحي أقليم كوردستان العراق**

المادة الأولى :

يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة أزاءها.

١. الأقليم : أقليم كوردستان العراق.
٢. الأتحاد : أتحاد فلاحي كوردستان العراق.
٣. الرئيس : رئيس أتحاد فلاحي كوردستان العراق.
٤. المكتب : المكتب التنفيذي لأتحاد فلاحي كوردستان العراق.
٥. الوزير : وزير الزراعة و الري.

الفصل الأول

١ـ التأسيس و الأهداف

المادة الثانية :

يؤسس أتحاد فلاحي كوردستان في الأقليم كتنظيم مهني ديمقراطي له الشخصية المعنوية يدافع عن فلاحي كوردستان ويكون مركزه في أربيل عاصمة الأقليم وله أن يفتح فروعاً في مراكز محافظات الأقليم و يشكل لجاناً في مراكز الأقضية و النواحي و القرى ضمن الأقليم.

المادة الثالثة :

يؤسس الأتحاد بناءاً على طلب يقدمه عدد لا يقل عن خمسة عشر فلاحاً الى الجهة المختصة و يكونون بمثابة الهيئة التحضيرية لادارة مهام الأتحاد لحين اجراء الأنتخابات.

٢ـ أهداف الأتحاد

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان

المادة الرابعة :

يعمل الأتحاد لتحقيق الأهداف التالية :

www.mojkurdistan.com

١. العمل على ترسيخ الفدرالية و دعم التجربة الديمقراطية و مؤسساتها في كوردستان العراق.
٢. تنظيم جماهير الفلاحين في الأقليم و توحيد صفوفهم و تحسين أوضاعهم الحياتية و المعاشية ورفع مستواهم الثقافي و الأجتماعي و الصحي و تنمية روح التعاون والأخوة و التوجه الديمقراطي في علاقتهم الأجتماعية و المهنية و نبذ العنف في معالجة المشاكل.
٣. تشجيع أعادة الفلاحين المشردين و المرحلين الى قراهم وحل المشاكل و التجاوزات الحاصلة بسبب الهجرة الداخلية نتيجة الظروف الأستثنائية التي مر بها الأقليم.
٤. تشجيع أبناء الفلاحين للدخول الى المدارس و المعاهد و الكليات المهنية للأستفادة من خدماتهم في المناطق التي ينتمون اليها.
٥. توجيه الفلاحين على الأستفادة من الثروة المائية و الأستعمال المنظم لها بما يلائم و اقتصاد الأقليم.
٦. توعية الفلاحين و تشجيعهم على حماية الغابات و المراعي الطبيعية و تطويرها في سبيل تأمين غطاء نباتي لأرض كوردستان و تنظيم الصيد للمحافظة على الطيور و الحيوانات النادرة.
٧. بذل الجهود و المساهمة الفعالة مع الجهات المعنية لمكافحة الأمية في صفوف الفلاحين.
٨. تشجيع الفلاحين على انشاء معامل صغيرة خاصة للأستفادة منها في تصنيع الأنتاج الفائض عن التسويق و تشجيع انشاء الصناعات الغذائية.
٩. تشجيع الفلاحين على ضرورة زيادة انتاجية المزارع و رفع انتاجية الوحدة الزراعية لتماثل المعدل العالمي.
١٠. تشجيع الفلاحين و القطاع الخاص لتأسيس شركات خاصة لأنتاج البذور المحسنة و تأمين المخازن المبردة لحماية الأنتاج الزراعي.
١١. تشجيع الفلاحين على الزراعة في البيوت الزجاجية و التوجه الى الأكثار من البستنة في المناطق الأروائية و زراعة اشجار الكروم الديمية في المناطق الملائمة لها.
١٢. تشجيع الفلاحين على ادخال المكننة الحديثة و اتباع الطرق الفنية و الأساليب المتطورة في الزراعة بقسميها النباتي و الحيواني.
١٣. بذل الجهود لتوفير السبل الكفيلة بالتنسيق مع الجهات المختصة لتسويق محاصيل الفلاحين.
١٤. ضرورة تطهير الحقول الزراعية و المراعي الطبيعية من الألغام بالتعاون و التنسيق مع الجهات المختصة.
١٥. العمل على توفير الوسائل الحديثة لمكافحة الأفات الزراعية النباتية و الحيوانية.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

١٦. العمـل مـع الجهـات الحكوميـة أن يكـون للأتحـاد ممثـل في اللجـان الـتي تـشكل عنـد الأقتضاء ولها علاقة مباشرة مع مصالح الفلاحين.

الفصـل الثـاني

١ـ شروط العضويـة

المادة الخامسة :

١. ان يكون الفلاح من مواطني الأقليم و مقيماً فيه .
٢. ان لا يكون محكوماً بجناية غير سياسية أو بجنحة مخلة بالشرف.
٣. أن يمتهن الزراعة كمهنة رئيسية له بقطاعيها النباتي أو الحيواني وهم :

أ. الذين وزعت عليهم أراضي الأصلاح الزراعي.
ب. المستأجرون ( وهم الذين خصصت لهم الأرض لقاء أجر ) و الفلاحون العـاملون علـى أساس العلاقة الزراعية .
ج. الفلاحون و العمال الزراعيون ضمن اطار عمل الأتحاد.
د. المتفرغون الزراعيون غير الملتزمين بمهن أخرى .

أصحاب الملكيات الخاصة التي لا تتجاوز حدودها عن حدود التوزيع بموجب قوانين الأصـلاح الزارعي.

٤. أن لا يقل عمره عن (١٦) سنة .

٢ـ الأنتمـاء

المادة السادسة :

١. يكون الأنتماء الى الأتحاد عن طريق تقديم طلـب تحريـري الى فـروع الأتحـاد أو لجانـه معززاً بالوثائق المطلوبة .
٢. تقدم طلبات الأنتماء الى لجان القرى و النواحي ترفـع الى لجنـة القـضاء و يجـب البـت فيها خلال (١٥) يوماَ من تأريخ تـسجيل الطلـب وفي حالـة أنقـضاء المـدة المـذكورة دون البت فان طلب الأنتماء يعتبر مقبولاً.
٣. لجنة القضاء و اللجان الأعلى لها الحـق في رد طلـب الأنتمـاء بقـرار مـسبب و لـصاحب الطلب الطعن في قرار الرد امام محكمة تمييز الأقليم خلال (٣٠) يوماً من تأريخ التبليغ به و يعتبر قرار المحكمة باتاً.
٤. رسم أنتماء العضو للأتحاد هو (٢٥) ديناراً ( خمسة و عشرون ديناراً ) .
٥. رسم الأشتراك السنوي يكون (٢٠) ديناراً بشرط ان يدفع الى الأتحاد سنوياً قبل أنتهاء شهر شباط . و اذا تأخر الـدفع عـن الموعـد المحـدد فـان العـضو يتحمـل غرامـة اضـافية تعادل ( ٥٠٪ ) من رسم الأشتراك السنوي . وفي حالة التأخر عن الدفع لمدة ثلاث سنوات متتالية دون عذر مشروع فانه يفقد صفة العضوية .

ئـــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

## الفصـل الثـالث

## التشــكيـل

المادة السابعة :

يتشكل الأتحاد من :

١. لجان القــرى.
٢. لجان النـواحي.
٣. لجان الأقضيـة.
٤. فروع الأتحاد في المحافظات.
٥. اللجنة الأنضباطيــة.
٦. المكتب التنفيذي.
٧. المـؤتمـر.

المادة الثامنة :

تشكل لجنة القرية من ثلا ثة أعـضاء و عـضو أحتيـاط تنتخـب مـن قبـل أعـضاء الأتحـاد في حدود القرية كل ثلاث سنوات مرة واحدة بشرط ان لا يقل عدد أعضاء الأتحاد في حدود القرية عن (٣٠) فلاحاً و اذا لم يتوفر العدد المطلوب في القرية الواحدة يشترك فلاحو قريتين او اكثـر لاكمال عدد (٣٠) لغرض أنتخاب لجنة واحدة .

المادة التاسعة :

لجنة الناحية : تشكل من ثلاثة أعضاء و عضو احتياط تنتخب من قبل رؤسـاء لجـان القـرى كل ثلاث سنوات مرة واحدة و تنتخب اللجنة رئيساً لها من بين أعضائها.

المادة العاشرة :

لجنة القضاء : تشكل لجنة القضاء من ثلاثة أعضاء و عـضوين احتيـاط و تنتخـب مـن قبـل لجان النواحي كل ثلاث سنوات مرة واحدة و تنتخب اللجنة رئيساً لها من بين أعضائها.

المادة الحادية عشرة :

واجبات و صلاحيات لجان ( القرية ، الناحية ، القضاء ) :

١. تنفيذ قرارات و توصيات اللجان الأعلى منها.
٢. المساهمة في معالجة مـشاكل الفلاحـين و معوقاتهـا بالأتفـاق و التنـسيق مـع الـدوائر و المؤسسات الرسمية .
٣. رفع المقترحات الخاصة بتطوير مناطقها الى الجهات الحكومية ذات العلاقة .
٤. توجيه الرسائل و الكتب الى المنظمات و المؤسسات الرسمية كل لجنة ضمن منطقتها.

المادة الثانية عشرة :

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

تتألف هيئة الفرع في المحافظة من خمسة أعضاء و عضوين احتياط و تنتخب كل ثلاث سنوات مرة واحدة من قبل لجان الأقضية و رؤساء لجان النواحي و تنتخب الهيئة من بين اعضائها الرئيس و نائبه و المسؤول المالي.

المادة الثالثة عشرة :

صلاحيات هيئة الفرع :

١. تنفيذ قرارات و توصيات المؤتمر و المكتب التنفيذي.
٢. تعيين المستخدمين العاملين في الفرع.
٣. تسمية من يمثل الأتحاد في اللجان الرسمية ضمن حدود المحافظة.
٤. تقديم المقترحات و التوصيات الخاصة بأمور الفرع الى المكتب التنفيذي لاقرارها.
٥. صرف المبالغ اللازمة لأعمال الفرع ضمن موازنتها المالية.
٦. ممارسة الصلاحيات الممنوحة لها من قبل المكتب التنفيذي و تنظيم الهويات للأعضاء وفق تعليمات المكتب التنفيذي.

المادة الرابعة عشرة :

تختص لجنة الأنضباط بالنظر في الشكاوي المحالة اليها من قبل المكتب التنفيذي و المخالفات المنصوص عليها في هذا القانون و تتألف هذه اللجنة من ثلاثة أعضاء و عضو احتياط يعينهم المكتب التنفيذي بشرط ان يكونوا من حملة شهادة الأعدادية على الأقل و ذات علاقة بالثروة النباتية أو الحيوانية ، و تنتخب اللجنة رئيساً لها من بين أعضائها.

المادة الخامسة عشرة :

الأنضبــاط

١. للأتحاد فصل أي عضو من أعضائه عند تحقق احدى الحالات الأتية :
أ. اذا ارتكب جناية أو جنحة مخلة بالشرف.
ب. اذا فقد اهليته.
ج. اذا أخل بالواجبات التي يفرضها النظام الداخلي للأتحاد بعد أن ينبه تحريرياً على القيام بما هو واجب عليه.
د. اذا فقد احد شروط العضوية.
٢. يطبق قانون انضباط موظفي الدولة على الموظفين العاملين في الأتحاد.

المادة السادسة عشرة :

يتشكل المكتب التنفيذي من :

١. الرئيس : و يشترط فيه ان يجيد القراءة و الكتابة على أن لا يقل عمره عن ثلاثين سنة .
٢. ستة أعضاء أصليين و عضوين احتياط على أن يجيدوا القراءة و الكتابة ومن ذوي الخبرة في مجالات الزراعة و مهنة الفلاحة وعلى أن لا تقل أعمارهم عن (٢٥) خمسة و

ئـــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

عشرين سنة .

المادة السابعة عشرة :

١. ينتخب المكتب من بين أعضائه نائباً للرئيس و سكرتيراً و مسؤولاً مالياً بالتصويت السري.
٢. يعقد المكتب اجتماعاته الأعتيادية مرة واحدة كل شهر وله أن يعقد اجتماعات غير اعتيادية بناءاً على دعوة من رئيس المكتب أو طلب يقدمة ثلث أعضاء المكتب.

المادة الثامنة عشرة :

١. يتم النصاب في أجتماعات المكتب التنفيذي بحضور أكثرية أعضائه وتصدر القرارات باكثرية أصوات الحضور وفي حالة تساوي الأصوات يرجح الجانب الذي صوت له الرئيس.
٢. اذا شغر منصب الرئيس لأي سبب كان يحل محله نائبه واذا شغر منصب النائب فيحل محله السكرتير.
٣. اذا شغرت مانصب الرئيس و نائبه و السكرتير معاً فيحل محل الرئيس في هذه الحالة أحد أعضاء المكتب الأصليين بالتصويت السري.
٤. اذا شغرت مناصب أكثرية أعضاء المكتب فعلى المكتب في هذه الحالة أن يعمل على عقد مؤتمر خلال شهرين أو يدعو أكثرية أعضاء المؤتمر السابق للأجتماع لغرض انتخاب من يملؤون هذه الشواغر للمدة المتبقية ووفقاً للطريقة المنصوص عليها في هذا القانون بشرط أن لا تقل المدة الباقية عن (٦) أشهر.

المادة التاسعة عشرة :

يعتبر عضو المكتب مستقيلاً اذا تغيب خلال سنة و بدون عذر مشروع عن ثلاثة اجتماعات متتالية أو خمسة اجتماعات متفرقة .

المادة العشرون :

يقوم المكتب بأداء الأعمال التالية :

١. العمل على تحقيق أهداف الأتحاد .
٢. تقديم المقترحات الخاصة بتعديل قانون الأتحاد.
٣. تنفيذ قرارات المؤتمر.
٤. تعيين العاملين لدى الأتحاد و تحديد اجورهم وشروط ترقيتهم.
٥. تسمية ممثلي الأتحاد لدى اللجان الرسمية .
٦. تحويل القضايا و الشكاوي الى اللجان المختصة.
٧. تشكيل لجان فرعية و اصدار التعليمات لغرض تحقيق اهداف الأتحاد.
٨. النظر في استقالة الرئيس أو نائبه أو أي عضو من اعضاء المكتب أو اللجان.
٩. تصديق الموازنة المالية و تعيين محاسب قانوني لتدقيق الحسابات النهائية.
١٠. تنظيم الدورات الأنتخابية و الأشراف على الأتنخابات وفق نصوص هذا القانون.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

١١. اقرار تملك العقارات و الأموال و قبول التبرعات و الهبات و شروط و الأقـتراض المـالي ضمن مصالح و اهداف الأتحاد.
١٢. تأسيس و ادارة النوادي وفق قانون الجمعيات.
١٣. النظر في طلبات الأنتماء الى الأتحاد لمراكز الأقضية.
١٤. منح رئيس الأتحاد أو رؤساء الفروع بعضاً من صلاحياته.
١٥. اعداد و اقتراح تعديل النظام الداخلي للأتحاد و عرضه على المؤتمر لاقراره.

المادة الحادية و العشرون :

١. المؤتمر : يعتبر اعلى سلطة ضمن الأتحاد و يتـألف مـن ( الـرئيس و أعـضاء المكتـب التنفيذي الأصليين و الأحتياط و أعضاء هيـات الفـروع المنتخبـة في المحافظـات و لجـان الأقضية و النواحي المنتخبين اعداداً للمؤتمر ) .
٢. يعقد المؤتمر كل ثلاث سنوات مرة واحدة بقرار من المكتب التنفيذي و دعوة يـصدرها الرئيس و يتم النصاب بحضور ثلثي أعضاء المؤتمر.
٣. وفي حالة عدم تكامل النصاب تجري الأنتخابات بعد (١٥) يومـاً مـن الأجتمـاع الأول في نفس المكان و الزمان و يعتـبر النـصاب كـاملاً في هـذه الحالـة بحـضور ثلـث الأعـضاء و بعكسه يعتبر المكتب مستمراً لدورة أخرى.

المادة الثانية و العشرون :

يعقد المؤتمر أعتيادياً لتحقيق الأغراض الأتية :

١. أنتخاب رئيس و أعضاء المكتب التنفيذي.
٢. مناقشة و اقرار خطة الأتحاد و تصديق التقرير المالي.
٣. النظـر في المقترحـات المتعلقـة بتعـديل قـانون الأتحـاد والمقترحـات الخاصـة بالنظـام الداخلي و اقراره.
٤. للمؤتمر حق اقتراح تعديل جداول الرسوم المقررة.

المادة الثالثة و العشورن :

يجوز عقد مؤتمر أستثنائي في الحالات التالية :

١. بقرار مسبب يصدر من قبل أكثرية أعضاء المكتب التنفيذي.
٢. بطلب تحريري مسبب يقدمه ثلثا أعضاء المؤتمر الى المكتب التنفيذي و على المكتـب في هذه الحالة اصدار نداء لعقد المؤتمر خلال (١٥) يوماً من تأريخ تقديم الطلب.
٣. تصدر قرارات المؤتمر بأكثرية الأصوات.

المادة الرابعة و العشرون :

للرئيس الصلاحيات التالية :

١. رئاسة اجتماعات المكتب التنفيذي.

ئـــەرشيفى وەزارەتى دادى كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٢. تمثيل الأتحاد لدى المؤسسات القضائية و الأدارية و و الدوائر و الهيئات الرسمية وشبه الرسمية و تصديق المعاملات و الوثائق الخاصة بالأتحاد وله أن يمنح بعضاً من صلاحياته لأي عضو من أعضاء المكتب.

٣. أعداد الموازنة و الحسابات الختامية بالأشتراك مع المسؤول المالي و رؤساء الفروع المحافظات.

الفصـل الـرابع

مالية الأتحـاد

المادة الخامسة و العشورن :

أولاً : تتكون مالية الأتحاد من :

١. رسوم الأنتماء و الأشتراكات السنوية .

٢. المنح و الهبات المقدمة الى الأتحاد من قبل الجهات الرسمية و شبه الرسمية .

٣. الأكتتاب و التبرعات المقدمة من قبل أعضاء الأتحاد و غيرهم بعد استحصال الموافقات الأصولية من الجهات المختصة .

٤. أرباح المشاريع التي يقيمها الأتحاد.

٥. أرباح مطبوعات الأتحاد.

٦. رسوم تأييد الكفالة المالية للآعضاء في معاملات الكفالات و العقود المبرمة بين الأعضاء كطرف و تستوفي بنسبة (١٪) من المبالغ المقررة في العقد أو الكفالة .

ثانياً : على الأتحاد مسك السجلات المالية الواردة في قانون الجمعيات النافذ.

المادة السادسة و العشرون :

لا يعمل بأي نص يتعارض و أحكام هذا القانون.

المادة السابعة و العشرون :

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون .

المادة الثامنة و العشرون :

ينفذ هذا القانون أعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان .

**د. رۆژ نـوري شـاويـس**
**رئيـس الـمجـلـس الـوطني لكوردستـان العـراق**

ئـــــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## الأسـباب الموجبـة

نظراً لوجود اراضي شاسعة خصبة و لأمتهان شريحة واسعة من سكان الأقليم الزراعـة كمهنـة رئيسية و لأهتمام القيادة السياسية و مجلس وزراء الأقليم بهذه الشريحة التي كان لها الـدور الأساس في نضال شعبنا من أجل تحقيق أهدافه المشروعة الوطنية و القومية و لاسيما أبـان ثورة أيلول التحررية العظمى و للعمل على ايجاد الصيغة القانونية لتنظيم يخدم أماني و تطلعات جماهير الفلاحين في كوردستان من النواحي السياسية و الأقتصادية و الأجتماعيـة و ايجاد السبل الكفيلة لتحقيق أمانيهم المشروعة فقد شرع هذا القانون.

ئــــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**بـاسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان العراق**
**رقم الأصـدار : ١٨**
**تـأريخ الأصـدار : ٢٠٠١/١١/٣٠**

استناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) و المادة (٥٣) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ، وبناءاً على ما عرضه وزير الزراعة و الري ، ووافق عليه مجلس الوزراء ، وما شرعه المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق بجلسته الأعتيادية المرقمة (٢١) و المنعقدة بتأريخ ٢٠٠١/١١/٢٩ وللصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة (٣) من المادة الثانية من القانون رقم (١٠) لسنة ١٩٩٧ قررنا أصدار القانون الأتي:

**قانون رقم (١٨) لسنة ٢٠٠١**
**قانون الغاء الجمعيات الفلاحية التعاونية**

المادة الأولى :

أيقاف العمل بقانون الجمعيات التعاونية رقم ٤٣ لسنة ١٩٧٧ في أقليم كوردستان العراق.

المادة الثانية :

تلغى الجمعيات الفلاحية التعاونية في أقليم كوردستان تؤول كافة ممتلكاتها المنقولة وغير المنقولة الى وزارة الزراعة و الري لأقليم كوردستان العراق و تسجيل باسمها.

المادة الثالثة :

لا يعمل بأي نص يتعارض و أحكام هذا القانون .

المادة الرابعة :

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة الخامسة :

ينفذ هذا القانون أعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان .

**د. رۆژ نـوري شـاويـس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

ئـــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**باسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان العراق**
**رقم القـــرار : ١٢**
**تأريخ الأصـدار : ٢٠٠١/١١/١٨**

**" قـــرار "**

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقـم (١) لـسنة ١٩٩٢ المعـدل وبنـاءاً على ما عرضه وزير العدل ووافق عليه مجلس الـوزراء ، قـرر المجلـس الـوطني لكوردسـتان ـ العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ ٢٠٠١/١١/١٨ أصدار القرار الأتي:

أولاً : لا يعتد بالقيمة المثبتة في التعهد للعقار المباع خارج دائرة التسجيل العقـاري في دعـاوي التمليك المنصوص عليها في القرار المرقم ١١٩٨ لسنة ١٩٧٧ المعدل أو المبـاع تنفيـذاً ويـتم تقديره بواسطة الخبراء ويكون هذا التقدير أساساً لأستيفاء الرسوم و الضرائب.

ثانياً : لذوي العلاقة الطعن في قرار التقدير أمام محكمة أستئناف المنطقـة بـصفتها التمييزيـة خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ التقدير ويكون قرار المحكمة باتاً.

ثالثاً : على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.

رابعاً : لا يعمل بأي نص يتعارض و احكام هذا القرار.

خامساً : ينفذ هذا القرار أعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**د. رۆژ نـوري شـاويـس**
**رئيـس الـمجـلـس الـوطني لكوردسـتان العــراق**

ئـــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**باسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان العراق**
**رقم القــرار : ١٣**
**تأريخ الأصدار : ٢٠٠١/١٢/٥**

## " قـــرار "

استناداً الى احكام المواد (٢/٤٣/) و (٤٤) من القانون رقم (١) لسنه ١٩٩٢ المعدل و المواد (١٢) و (٣٥) من النڤام الداخلى للمجلس الوگنى لكوردستان ــ العــراق رقـم (١) لـسنه ١٩٩٢ المعـدل و بنأواً عاه ما جاو بكتـاب المكتـب الـسياسى للحـزب الـديمقراگى الكوردسـتانى المـرقم (١٠٦٦) فى ٢٠٠١/١١/٢١ باعتبارہ صاحب القائمه الٓنتخابيه (الـصفراو) قـرر المجلـس الـوگنى لكوردسـتان ـــ العراق بجلستہ المرقمه (٢٣) و المنعقده بتأريخ (٢٠٠١/١٢/٥) ما يلى :

أولاً :

أ. قبول استقالة (أكـرم عزت نجيب) من عضوية المجلس .

ب. قبـول مرشـح القائمـة الأنتخابيـة (فاضـل رؤوف) عـضواً في المجلـس و حلولـه محـل العضو المستقيل أعلاه.

ثانيــاً :

أ. قبول استقالة (نهاد نورالدين) من عضوية المجلس .

ب. قبول مرشح القائمة الأنتخابية (حمه علي توفيق فتـاح) عـضواً في المجلـس و حلولـه محل العضو المستقيل أعلاه.

ثالثــاً :

أ. قبول استقالة (ملا طلحة سعيد) من عضوية المجلس .

ب. قبول مرشح القائمة الأنتخابية (انور شوكر محمد) عـضواً في المجلـس و حلولـه محـل العضو المستقيل أعلاه.

رابعــاً :

أ. قبول استقالة (رقيب حسين ملا) من عضوية المجلس .

ب. قبول مرشح القائمة الأنتخابية (نادر محمـد قـادر) عـضواً في المجلـس و حلولـه محـل العضو المستقيل أعلاه.

ئـــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كـــوردستان

خامساً :

www.mojkurdistan.com

أ. قبول استقالة (مامند محمدامين بابكر) من عضوية المجلس.

ج. قبول مرشح القائمة الأنتخابية (حليمة حسين محمد بارزاني) عضواً في المجلس و حلوله محل العضو المستقيل أعلاه.

سادساً :

أ. قبول استقالة (حسين علي كمال) من عضوية المجلس.

ب. قبول مرشح القائمة الأنتخابية (نياز جميل ميران) عضواً في المجلس و حلوله محل العضو المستقيل أعلاه.

سابعاً :

أ. قبول استقالة (سليم حاجي ملو) من عضوية المجلس.

ب. قبول مرشح القائمة الأنتخابية (مامند عباس مامند أغا) عضواً في المجلس و حلوله محل العضو المستقيل أعلاه.

ثامناً :

لأداء مرشحي القائمة الأنتخابية الواردة أسمائهم ضمن التسلسل (أولاَ ــ سابعاً)أعلاه اليمين القانونية في ٢٠٠١/١٢/٥ ، عليه تكون عضويتهم في المجلس الوطني لكوردستان ــ العراق نافذة أعتباراً من تأريخه .

تاسعاً :

على رئاسة المجلس الوطني لكوردستان ــ العراق تنفيذ أحكام هذا القرار .

عاشراً :

يكون هذا القرار نافذاً أعتباراً من تأريخ اقراره في ٢٠٠١/١٢/٥ و ينشر في جريدة وقائع كوردستان .

**د. رۆژ نــوري شـاويـس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

ئـــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com